# تێپەڕینی ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی ئەو پیاوەی لە کرنوشێکی حەجدا گەڕایەوە لای خوا

## گفتوگۆ لەگەڵ ژنێکی نمونەییدا

ئایندە: دیداری: شانۆ عارف .....

ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان کەم جار هەیە باس لە بەختەوەری خێزانێک بکەن، بگرە زیاتر کێشەکان بەدەردەخەنو ناکۆکی ژنو مێرد زیاتر باس دەکەن، بەجۆرێک باکگراوندێکی وا لای مێشکی خوێنەر دروست دەکەن، کە وابزانێت کە ئیتر ژیان جێگایی بەختەوەری خێزانی تێدا نابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێندەی باسی ئافرەتە قوربانیەکانی ڕژێمە باوک سالاری دەکەنو گفتوگۆ لە سەر توندوتیژی ئافرەت دەکەن، بە نیو هێندە کەمتریش باس لە خۆشەویستیو ئەویندارى ئەو ژنو مێردانە ناکەن، کە جیهان ناتوانێـــــت یادگاریەکانیان کاڵ بکاتەوە.کەمجار ڕێکدەکەوێت ژنێکە بە غیرەتی دڵسۆزی قسەزان ژیانی هاوسەری لەگەڵ پیاوێکی وەک خۆیدا پێکبهێنێت کە بە تەواوی جیاوازییەکانەوە یەکتری تەواو دەکەن.

ئەوەی لێرەدایە چیرۆکی خێزانێکی کوردە کە چۆن کەسایەتی ئەو ژنو مێردەو میکانیزمی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان جێگای سەرنجی خزمو ناسیاویانە. هەر ئەو خۆشەویستیەی نێوانیان چۆنێتی گەڕانەوەی دکتۆر لە هەمان کاتدا حاجی (بەکر) ئاڕاستە دەکاتو لە کاتی کرنوشداو لە ماڵی خودا، لە مەراسیمی حەجداو لە نوێژی مەغریبدادەگەڕێتەوە بۆلای خودا.

دکتۆر (بەکر) ناوی ئەو پیاوەیە کە پارسااڵ پاش سێ کاتژمێر لە تەواوکردنی ئەرکەکانی حەج، لە کرنوشدا دەگەڕێتەوە لای خوداو هەر لەوێش لە گۆرستانی (شرایع) بە خاک دەسپێردرێت.

دکتۆر حاجی (بەکر) ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی (شەشۆ) لە دایک بووەو دەرچوی (معهد گبی)یەو بۆ یەکەمجار لە (هۆمەر قەوم) دادەمەزرێتو کاری معاون گبی بۆ ماوەی ٣٢ ساڵ دەکاتو لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.

(ست گەلاوێژ)ی ٤٦ ساڵ کە ژنێکی بە جورئەتو بە غیرەتە خێزانی دکتۆرە، ئەو لە دایکبوی سلێمانیەو خانەی مامۆستایانی تەواوکردووەو ٢٧ ساڵە خزمەت دەکاتو خاوەن ٤ منداڵە کە هەریەکەیان خاوەن بڕوانامەن.

### "پیاوێکی نمونەیی"

بە وتەی خێزانەکەی، دکتۆر لە خێزانێکی بەڕێزەوە هاتووەتە دونیا، دایکی هەرگیز نانی حەرامی نەخواردووە، دکتۆر خۆشی هەر لە منداڵیەوە قورئانی پیرۆزی لە بەر بووەو زۆر نوێژی کردووەو لەگەڵ خێزانەکەی پێشبڕکێی خەتمیان کردووە، تا ئێستاش خەتمەکەی بە تەواو نەکراوی ماوە. هەرگیز درۆو غەیبەتی نەکردووە، زۆر مشوری ماڵی خواردووەو هەمو ئەو ماڵە سێ قاتەی کە ئێستا هەیانە بە هۆی سەلیقەی ئەوەوە بووە، تەنانەت هەڵبژاردنی ڕەنگی جلو بەرگی منداڵەکانیشی، بە وتەی (ست گەلاوێژ) دواجار کە لەگەڵ حاجیدا چونەتە بازار تا ئێستا نەچۆتەوە بۆ بازار، زیاتر هەر حاجی هەوڵی شت کڕینی داوە، سەرەڕای ئەوانە زۆر ڕێزی ماڵو منداڵی گرتووە، تەنانەت ڕێزی کیسەیەکی عەلاگەی گرتووە وتویەتی: "مەیدڕێنە، بیکەرەوە ئینجا فڕێی بدە ناشوکرییە"، کەسێکی شەرمن بووە، لە ژیانیدا دڵی کەسی نەیەشاندووە،تەنانەت یەکجار لە ژیانیدا مریشکیان پێ سەربڕیوە، وتویەتی: "خێرتان نەگەشت بۆ ئەوگوناحەتان پێکردم"، چەندین جارلەکاتی جل شتندا بەست گەلاوێژی وتوە:"ئەم جلانەم بۆبشۆ هەرچەند ئەزیەتیشە، هەرلەیەک ئاراوی وەردە خۆتی پێوە هیلاک نەکەی"

### "حاجییەکی پزیشک"

(ست گەلاوێژ) ئەوەی نەشاردەوە: "ڕۆژێک پیاوێک هاتۆتە خوێندنگە بۆلای وەک منداڵ لەبەردەم ئەم ژنەدا گریاوە، باسی ئەوەی کردوە کەلە حەج زۆریارمەتی نەخۆشی داوە وەک پزیشک، تاوایان زانیوە لەگەڵ لیژنەی پزیشکیدا هاتووە" گەلاوێژخان وتیشی: "خۆمان حەزمان نەکرد لەگەڵلیژنەی پزبیشکیدا بڕوات چونکە ئەوکات کاری ئەو تەنها یارمەتی نەخۆش بوو، ئێمە پێمان باش بوو لەسەر پارەی خۆمان بڕوات خێری زۆر ترەو لەوێش تەنها مەراسیمەکانی حەج جێبەجێ بکات" .

### "پەیوەندیەکی تەلەفۆنی"

ڕۆژێک لە حەجەوە دکتۆر (بەکر) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خـــێزانی دەبەستێت و پێی دەڵێت کەوا دڵی تەنگە، چونکە هاوسەرەکەی لەگەڵ نییە.

هۆکاری نەچـــوونی (ست گەلاوێژ) بۆ حەج تەنها لەبەر پارێزگاری لە ماڵ و منداڵە کان بووە، هەروەها لەوکاتەشدا نەشتەرگەری سەر شانی کردبوو، نەیتوانی لەگەڵی بچێت، ئەمیش بڕیار دەدات تا حاجی دێتەوە هەر خوا پەرستی بکات، (ست گەلاوێژ و دکتۆر بەکر) لە ڕێگەی ناسیاوێکەوە هاوسەرگیریـــان کردووەو باوکی (ست گەلاوێژ) ئامادە نەبووە هیچ ئاڵتوون بە زاواکەی بکات. وادەردەچێت کە سروشتی ئەم دوو مرۆڤە زۆر لەیەکەوە نزیک دەبێت، بۆیە توانییان خێزانێکی بەختەوەر دروست بکەن، ئێستاش کە هاوسەری (ست گەلاوێژ) ڕۆیشتووە، مۆخی ئەوی تواندۆتەوە لە خەمدا، بەوتـــەی خۆی گەر هەمو کەسی بمردایە بەقەدەر ئەو کاری تێنەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ژنە خۆی لاواز پیشان نەداوە بە کۆچی ئەو، تەنانەت لەبەرچاوی منداڵەکانی بۆ ئەو نەگریاوە.

### "مردن لە کرنوشدا"

ئەو دکتۆر (بەکر)ەی کە بە ئەستەم بە قادرمەکانی ماڵەوەدا سەردەکەوت، لەوێ لە کێوی (نور) وەکو ئاسک هەڵگەڕاوەو وێنەیەکی خۆشی هەر لەوێ بۆخێزانەکەیان ناردۆتەوە، دوای ئەوەی کەسەرجەم ئەرکەکانی جێبەجێ کردووەو حەجی بۆ دایک و باوکیشی جێبەجێ کردووە بەبڕوانامە، لە

نوێژی مەغریبدا لەسوجدەدا کەدەکاتە (٣)کاتژمێر دوای تەواو بوونی حەجەکەی، بەلادا دەکەوێتو هەر لەوێ لەشوێنێکی زۆرخۆش وپاک وخاوێنو تایبەت بە مردوو شۆرین بەدەستی دوو کەسی سعودی وبەمەنیەک بەجوانترین شێوە دەشۆرێت وعەبایەکی شێخانەی پیادەدەن و دای دەپۆشن میسکی پیا دەکەن ولە گۆرێکی خشتی فراواندا کە جێگەی دوو کەسی تیا دەبووە، لە گۆرستانی (شرایع)بە خاک دەسپێردرێت.

لەوکاتەدا زۆربەی کەنالەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆو دەرەوە گرنگی بەوهەواڵە دەدەن، لەسەرخواستی خێزانەکەی بڕیار دەدەن نەیهێننەوە بۆخاکی کوردستان و لەوخاکە پیرۆزە بنێژرێت، (ست گەلاوێژ) باسی لەوەکرد کەوەسیەتی کردووە گۆڕەکەی ئەمیش وەک هاوسەری تەخت بێت ودیار نەبێت، کاتی خۆشی خوالێخۆشبوو دوعای کردبوو کە گۆڕەکەی لە تەنیشت گۆڕی (ست گەلاوێژ)ەوە بێت، هەربۆیە منالەکانی ئەم ساڵ ڕێگەیان نەدا دایکیان عەمرە بکات، چونکە باوکیان نزای وای کردبوو، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە بۆئەوان کەلوپەلەکانی حاجی جیاواز لە حاجییەکانی تر بەسەلامەتی گەیشتۆتە دەستیان، پێشتر خوالێخۆشبوو حەزی کردبوودیاری بێنێتەوە بۆمنداڵەکانی، بەڵام ئەو باشترین و گرانترین دیاری کڕیوە، چونکە وتویەتی: "تەنها یەک جار حەج دەکەم با دیاریەکان بکڕم".

### "پەیوەندیەکی جیاواز، ژن ومێردێکی ئەویندار"

یەکەم شتێ کە گرنگ بێت بەلای (ست گەلاوێژ) ەوە بۆبەختەوەری خێزان، قەناعەتی ئەوژن و مێردەیە بەو ژیانەی تیای دەژین، ئەودوانە زۆر بەیەکەوە هەوڵیان داوە، هەرگیز لەسەرشتێ بیروبۆچونیان جیاواز نەبووە، بەقسەودڵی یەکیان کردووە، لەبەرچاوی منداڵەکانیان زۆرپشتی یەکیان گرتووە، زۆر ڕێزیان لە کەسی یەکتر گرتووە، دینارێکیان بەبێ پرسی یەکتر خەرج نەکردووە، شتی شاراوە نەبووە لە نێوان ئەوژن و مێردەدا، شتیان بۆمنداڵ نەشاردۆتەوە لەیەک، (ست گەلاوێژ) ڕاشکاوانە وتی: "نەمهێشتووە ئافرەتێکی نیوە ڕووت یاخود جلێکی تەسک و کورتی لەبەر بێ بێتە ماڵم یاخود خوێندنگە، بەڕەو ڕوو پێم وتووە حەزم لێ نیە ئاوابتبینم"، هەربۆیە ئێستا کوڕەکانی کچانی باڵا پۆش دەکەنە هاوسەری خۆیان .لەماڵی ئەواندا زۆربەی کەنالەکان سڕاونەتەوە، ئەوژن و مێردە نەچونەتە هیچ ئاهەنگێکی ناشەرعیەوەو ومنداڵەکانیش بەرن، هەر بۆیە کوڕە گەورەکەی نەچووەتە (حەفلەی تەخەروج)ی زانکۆکەی، چونکە تێکەڵی زۆری تیابووە.

### "پێڵاوەکانی مێرد سامی خۆی هەیە"

(ست گەلاوێژ) زۆر ڕەخنە لەژنی ئەمڕۆ دەگرێت بەوەی زیاد لە پێویست داوای مافی خۆی دەکات و زۆرپارە خەرج دەکەن، کاتێکیش موچە وەردەگرێت بەبەرچاوی پیاوەوە دەڵێ: "پارەی خۆمە، و منەت دەکات، گەروایە بڕۆ ماڵەوە منداڵەکان بەخێو بکەو پارە وەرمەگرە، من موچەم وەرگرتووە هەمویم داوەتە دەست هاوسەرەکەم، کچی واهەیە تا شوو دەکات هەزار شێخ و مەلا دەکات کە شووی کرد ڕێزی پیاوناگرێت، ڕاستە بۆ پێڵاوی مێرد سامی خۆی هەیە، ئافرەتی واهەیە منداڵەکانی دەکات بەسیخوڕ بەسەر مێردەکەیەوە، یان ماڵە خەسوەوە، ئیتر دەبێت منداڵ چۆن دەرچێت .گەر هەر هەموان بەپێی سوننەتی خواو پێغەمبەر(ص) بڕۆین کەس کێشەی نابێت لەگەڵ کەسێکی تر".

### "بڕیاری سەرپۆش کردن"

(ست گەلاوێژ) وەک مامۆستایەک لە خوێندنگەی (پرشنگ) ماوەیەک وتارو کۆڕی بۆ (خوێندن و فێرکردنی گەورە) وتووەتەوە، کەژمارەیان (٣٥٠) ئافرەت بووە، لەهەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و نیشتمانی و دینی و کۆمەڵایەتیدا، توانی لەوکۆڕنەدا والەئافرەت بکات پارە کۆبکەنەوەو زەوی بکڕن، توانی والە زۆربەیان بکات بڕیاری بااڵپۆشی بدەن، یاخود وایلێکردن بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەمە لەکاتێکدا بوو خۆی جلەکانی شەرعی بوو، ئەونەیشاردەوەو وتی: "هیدایەت بەدەست خوایە، من لەمێژە بااڵپۆشانم خۆشدەویست، بەڵام مردنی مێردەکەم وای لێکردم لەچکەکەم دانەنێمەوە، ئێستە زۆر ئاسودەترم لەجاران بەسەرپۆشەوە".

### "تیمارکردنی پێشمەرگەیەک بەبێ بەنج "

(ست گەلاوێژ) بەجورئەت وغیرەتەکەی ئەناسرێتەوە، ئەوکاتەی کۆمەڵێک پێشمەرگە کاتی (ئینتیـــفاز)ەکە خۆیان دەکەن بەماڵی ئەمانداو پێشمەرگـــەیەکی بریندارییان پێ دەبێت، دکتۆر لەماڵ نابێتو ئەمیش بە یارمەتی دراوسێیەکـــیان دەتوانێت فیشەکێک لە جەستەی ئەم پێشمەرگەیە بەبێ بەنج دەربهێنـــــێت و پزگاری بکات، ئەو دەڵێت: "من کارەکانم بۆکوردو نیشتمانە، من خوێندکـــارەکانم فێردەکـــــەم ئااڵی کوردستان دروست بکەن" لەوکاتەدا دوکانی تیماری نەخۆشـــییان هەبووەو سەرجەم دیوارەکانی خوێنی پێشـــــمەرگەی پێوە بووە، ئەم ژنە نەیهێشـــــتوە بۆیەی بکەن، وتوویەتی: "ئەوەخوێنی کوردایەتییە با پێوەی بێت".

### "ئافرەت زۆر بەهێزە"

بە بڕوای ئەم مامۆستایە ئافرەت زۆر بەهێزە، شورایەکی پۆڵایین بەدەوریایەتی، کەس ناتوانێت بیشکێنێت، مەگەر خۆی بیەوێت، بەڵام جلی ڕووت و هەڵسوکەوتی نەگونجاو لاوازی دەکات، زەمانی زوو پیاوەتی پیاو بەهۆی ئازایەتی ژنەوە بووە، ژن وپیاو بە جیاوازیەوە جوانن.

ئەوەی ئێستا لای ئەوخێزانە ماوەتەوە کارە جوان و یادگاریەکانی ئەوپیاوە ×ااڵحەی باوکیانە وعیشقێکی سوتێنەریش لە دڵی هاوسەریدا جێماوە، ئەم کاتەش کە کاتی حەجە بۆ ئەوان برین کولێنەڕەوە بوو کە ساڵێک تێپەڕیوە بەسەر کۆچی دوای حاجی بەکردا.